# سروشتی مرۆڤ، تاک و کۆمەڵگا

بەشی سێیەم: کۆمەڵگا

(٣-٣)

**ئاندرۆ هایوود**

**لە ئینگلیزییەوە: ڕێباز باوزی**



١٤ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٢ تویژینەوە

**- کۆمەڵگا[1]**

### ٣-١/٣ سەرەتایەک

تاکەکان هەرچەندە خۆگر و سەربەخۆ بن، هێشتا بوونی مرۆڤ لە دەرەوەی کۆمەڵگا شتێکی ناماقووڵە، مرۆڤەکان (ڕۆبنسوون کرووزۆ)[2] گۆشەگیر و

Society[1]

[2] ڕۆبنسوون کرووزۆ، پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانێکی دانیەل دێفۆی بەریتانییە کە ناوی ڕۆمانەکەش هەر ناوی پاڵەوانەکەیە، پاڵەوانەکە ژیانی خۆشگوزەرانی خۆی لە بەریتانیا واز لێ دێنێ و لە دەریاکاندا سەفەر دەکات و پاش تێکشکانی کەشتییەک، بە زیندوویی دەکەوێتە دوورگەیەک و ٢٨ ساڵی تەمەنی لەوێ بەسەر دەبات.

دوورەپەرێز نین، کە توانای ژیانیان لە گۆشـــەگیرییەکی تەواو و هەمیشـــەییدا هەبێت. تەنانەت ئەو شـــتەی کە وای کرد ڕۆبنســـوون کرووزۆە لە ژیاندا بمێنێتەوە، ئەو پەروەردە و کـارلێکە کۆمەڵایەتییە بوو کە پێش تێکشـــکـانی کەشـتییەکە بەدەسـتی هێنابوو. بەڵام زۆر جار چەمکی کۆمەڵگا کەمێک ڕوونتر و ئاشکراترە لە چەمکی تاک. بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگا ئاماژەیە بۆ کۆمەڵە خەڵکێک کە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەیەکەوە نیشتەجێن. بەڵام بەو مانایە نییە کە هەموو گرووپێک بتوانن کۆمەڵگا پێک بهێنن، بەڵکوو کۆمەڵگاکان بە کارلێکی کۆمەڵایەتیی ڕێکوپێک تایبەتمەندن، ئەمەش پێشـنیاری بوونی جۆرێک لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. جگە لەوەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەســـەر بنەمای جۆرێک لە هۆشـــیاری و کۆمەڵێک پێوەری هەماهەنگی بنیات دەنرێن. بۆ نموونە "هۆزە شـــەرکەرەکان" کۆمەڵگایەک پێک ناهێنن، گەرچی لەوانەیە لە نزیکەوە لەگەڵ یەکتری بژین و کـارلێکی بەردەوام هەبێـت لە نێوانیاندا، لە لایەکی دیکەوە بە نێودەوڵەتیکردنی گەشـتیاری و ژیانی ئابووری و بڵاوبوونەوەی ئـاڵوگۆڕی کولتووری و هزری نێودەوڵەتی، بووە هۆی ســەرهەڵدانی (کۆمەڵگای جیهانی). ســەرەڕای ئەوەش ئەو کارلێکە هاوبەشــەی کە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دیاری دەکات، مەرج نییە بە ناســـنامەیەکی هاوبەش یـان جۆرێـک لە هـاوســـۆزیی بەهێز بکرێت. ئەمەش ئەوە دەردەخـات، کە "کۆمەڵگـا- Society" لە چەمکی بەهێزتری "کۆمەڵ- Community" جیـا دەکـاتەوە، کە لانی کەم پێویســـتی بە پێوەرێـک لە خزمـایەتی و هـاودەنگی کۆمەڵایەتی هەیە، واتا بوونی ناســـنامەیەک لەگەڵ کۆمەڵ. بەڵام کۆمەڵگا لە ســـیاســـەتدا زۆر جار بە واتایەکی تایبەتتر ئاماژەی پێ دەدرێت، وەک ئەوەی پێی دەڵێن (کۆمەڵگەی مەدەنی)، کۆمەڵگەی مەدەنی لە بنەڕەتـدا ئـامـاژەیە بۆ کۆمەڵگایەکی سـیاسـی کە لە چوارچێوەی یاسـادا دەژین و سـۆزێکی هاوبەش پیشـــان دەدەن بۆ دەوڵەتێک. بیرمەندانی ســیاســی ســـەرەتایی، کۆمەڵگایەکی ڕێکوپێکی لەم شـێوەیان بە بنەمای ژیانی شـارسـتانی دەزانی، بەڵام تیۆریسـتە مۆدێرنەکان زیاتر ویســـتی ئەوەیـان هەبوو جیاوازییەکی ڕوونتر و هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان کۆمەڵگا و دەوڵەتدا بکێشـــن. لە نەریتی هیگڵ و مارکســـدا کۆمەڵگەی مەدەنی لە دەرەوەی دەوڵەتدا دروســت دەبێت و ئاماژەیە بە کایەی گرووپ و کۆمەڵە و ڕێکخراوە خۆســـەرەکان کە لەلایەن تـاکەکـانەوە وەک

هاوولاتی پێک دەهێنرێت. هەرچەندە هیگڵ وەک ئەندامێکی جیابووەوەی خێزان لە کۆمەڵگەی مەدەنی دەڕوانی، بەڵام زۆربەیان چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرانبەر دامەزراوە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ناوخۆییەکاندا بەکار دەبەن.

بەڵام سروشت و گرنگی ئەم جۆرە دامەزراوانە جێگەی بایەخێکی زۆرە، ئەمەش زۆر جار لە دەوری پەیوەندیی نێوان تاک و بوونە دەستەجەمعییەکاندا دەسووڕێتەوە. بۆ نموونە ئایا دەتوانرێت پەیوەندیی نێوان تاکگەرایی و کۆلێکتیڤیزم ڕێک بخرێتەوە؟ یان دەبێت تاک و کۆمەڵگا بۆ هەمیشە سەنگەرگیری یەکتر بن؟ جگە لەوەش بە چەندەها ڕێگای دژوار دەتوانین لە کۆمەڵگا تێبگەین، کە هەر یەکێکیان کاریگەریی سیاسیی گرنگی هەیە، بۆ نموونە ئایا کۆمەڵگا دەستکردی مرۆڤە، یان بوونێکی ئۆرگانییە؟ ئایا لەسەر

بنەمای کۆدەنگییە، یان ناکۆکی؟ ئایا کۆمەڵگا یەکسانخوازە، یا لەسەر بنەمای دەستەڵات و پلەبەندییە؟ لە کۆتاییدا، زۆر جار سەرنج دەخرێتە سەر گرنگی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی چینی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، نەژاد، ئایین، نەتەوە و زمان. لە هەندێک دۆخدا وا دەبینرێت کە ئەمانە دەروازەی تێگەیشتنن لە سیاسەت، بۆچی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان گرنگن و کامیان زۆرترین کاریگەرییان لەسەر سیاسەت هەیە؟

### ٣-٢/٣ کۆلێکتیڤیزم - کۆمەڵگەرایی/کۆمەڵخوازی/جەماوەرگەرایی

کەم زاراوەی سیاسی هەیە هێندەی کۆلێکتیڤیزم ئاڵۆزی و سەرلێشێواوی دروست کردبێت، یان هێندە واتایەکی فراوانی لەخۆ گرتبێت. بۆ هەندێک کۆلێکتیڤیزم ئاماژەیە بە کردارەکانی دەوڵەت و بەرزترین فۆڕمی گەشەسەندنی خۆشی لە ناوەندی ئابووریی دەوڵەتە کۆمۆنیستە ئۆرتۆدۆکسەکاندا بەخۆوە بینی، کە پیی دەگوترێت "کۆلێکتیڤیزمی دەوڵەت". بەڵام هەندێکی دیکە بە کۆمەڵگەرایی بەکاری دەهێنن وەک ئاماژەیەک بۆ کۆمۆنیتاریزم، کە پەسنی کردارێکی کۆمەڵایەتییە نەک خەباتی و هەوڵدانێکی کەسی، بیرۆکەیەکی لەم شێوەیە کاریگەرییەکی ئازادیخوازانە و تەنانەت ئەناکیزمیشی هەبوو، وەک لە

"ئەنارکیزمی کۆمەڵگەرایی"ی میخائیل باکونین(١٨١٤-١٨٧٦)دا خرایە ڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا زاراوەی کۆمەڵخوازی هەندێ جار وەک هاوواتای سۆسیالیزم بەکار دەهێنرێت، هەرچەندە زیاتر بۆ تێکەڵکردنی بابەتەکەیە، کە لەلایەن ڕەخنەگرانی سۆسیالیزمەوە ئاڕاستە دەکرا، بۆ ئەوەی زیاتر وەک داکۆکیکارێک دەرکەوێت کە دەوڵەت کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا هەبێت، لە کاتێکدا سۆسیالیستەکان خۆیان ئەو زاراوەیە بۆ پابەندبوون بە بەرژەوەندییە بەکۆمەڵەکانی مرۆڤایەتی بەکار دێنن. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت ئاماژە بە ناوەڕۆکێکی هاوبەشی بیرە کۆمەڵخوازەکان بکرێت و کۆمەڵێک لێکدانەوە و نەریتی ململانێکان دەستنیشان بکرێن.

لە بنەڕەتدا کۆلێکتیڤیزم/کۆمەڵخوازی، جەخت لەسەر توانای مرۆڤ دەکاتەوە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی بەکۆمەڵ، جەخت لەسەر توانستی بەدواداچوونی ئامانجەکانیان دەکاتەوە بۆ کاری پێکەوەیی، نەک هەوڵدان بۆ بەرژەوەندیی کەسی. بۆیە هەموو جۆرەکانی کۆلێکتیڤیزم پشتگیریی لەو تێڕوانینە دەکەن کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لەگەڵ هاوچەشنەکانی خۆیدا گرێدراوی ناسنامەیەکی بەکۆمەڵن. گرووپی کۆمەڵایەتی هەرچییەک بێت، گرنگە و تەنانەت جەوهەری بوونی مرۆڤە، ئەم فۆرمە کۆمەڵخوازییە لە مەودایەکی بەرفراوانی ئایدۆلۆژیای سیاسیدا دەبینرێت، کە بنچینەیە بۆ سۆسیالیزم.

جەختکردنەوە لەسەر ناسنامەی کۆمەڵایەتی و گرنگی کردەوەی بەکۆمەڵ، لە بەکارهێنانی زاراوەی "کۆمڕاد/هەڤاڵ" وەک ئاماژەیەک بۆ ناسنامەی هاوبەشی ئەو کەسانەی کار بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەکەن، دەردەکەوێت.

لە بیری "هاودەنگی چینایەتی"یشدا ئاماژە بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەموو چینی کرێکاران دەکات و بێگومان لە بیرۆکەی "مرۆڤایەتیی هاوبەش"یشدا ڕەنگی داوەتەوە.

هەروەها فێمینیزمەکان پێیان وایە، بیرۆکە کۆمەڵخوازییەکان گرنگیی جێندەرییان هەیە، جەخت لەسەر بیری خوشکایەتی دەکەنەوە بۆ دانان بە ناسنامەیەکی هاوبەش، کە هەموو ژنان هاوبەشن و توانای خۆیان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی سیاسیی بەکۆمەڵ ڕێک بخەن. بە هەمان شێوە بیری ناسیۆنالیستی و ڕەگەزپەرستییانە لە لێکدانەوەی مرۆڤایەتی لە ڕووانگەی

"نەتەوەکان" یان ڕەگەزەکانەوە، دیدێکی کۆمەڵخوازانە وەردەگرن. بۆیە هەموو فۆڕمەکانی کۆلێکتیڤیزم لەگەڵ ئەو شێوە توندەی تاکگەراییدا ناکۆکن، کە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ و خۆخواز وێنا دەکات. بەڵام ئەگەر وای دابنێین مرۆڤەکان بە شێوەیەکی سروشتی کۆمەڵایەتی و هاریکارن، ئەوا ڕەنگە کۆمەڵخوازی سەرچاوەی بەدیهێنانی خواستە کەسییەکان بێت، نەک نکووڵیکردن لە تاکایەتی.

بەڵام پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگەرایی و دەوڵەت بە ڕێکەوت نییە، زۆر جار دەوڵەت وەک ناوەندێک سەیر کراوە کە لە ڕێگەیەوە کردەی بەکۆمەڵ ڕێک دەخرێت، لەم دۆخەدا نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییە بەکۆمەڵەکانی کۆمەڵگا دەکات، نەک بەرژەوەندییەکانی هەر تاکێک. هەر لەبەر ئەمەشە تیۆریستە ڕاستڕەوە نوێکان بەتایبەتی مەیلیان بەلای دەستێوەردانی دەوڵەتدایە بە شێوە جۆربەجۆرەکان تا وەک بەڵگەیەک لەسەر کۆمەڵگەرایی نیشانی بدەن. بەم پێیە گەشەی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا، پێشکەوتنی بەڕێوەبردنی ئابووری و بەخۆماڵیکردنی، وەک سەرهەڵدانی "کۆمەڵگەرایی/کۆلێکتیڤیزم" لێک دراوەتەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئابووری فەرمانداریی[3] کە لە یەکێتی سۆڤییەت گەشەی کردووە، بەرزترین شێوەی پێکهاتەی کۆمەڵگەرایی دیاری دەکات. کۆلێکتیڤیزم بەم شێوە ناوەندگەراییە و ستاتیستییە بە زۆری وەک دژە تاکگەرایی خۆی وێنا دەکات، کاتێک دەوڵەت نوێنەرایەتی دەستەڵاتێکی داسەپا و زۆرەملێ دەکات، ئەوا هەمیشە وەک نەیاری ئازادیی تاک سەیر دەکرێت. لەو شوێنەی دەوڵەت بڕیار دەدات، دەستپێشخەری تاکەکەسی و ئازادیی هەڵبژاردن سنووردارە، بەڵام ئەمەش زۆرجار تەنیا سیرکردنی دەوڵەتە وەک زاراوەیەکی نەرێنی. بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەگەر دەوڵەت دۆخی گەشەپێدانی تاک پێش بخات، وەک دەستەبەرکردنی پەروەردە و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، ئەوا دەتوانرێت بە تەواوی کۆمەڵگەرایی و تاکگەرایی لەگەڵ یەکدیدا بگونجێن و هەڵبکەن.

---

[3] مەبەست لێی سیتمێکی ئابوورییە، کە تێیدا چالاکییەکان لەلایەن دەستەڵاتێکی ناوەندییەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی گشتی خاوەندارێتییان لێ دەکرێ. ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و کۆریای باکوور و کووبا و یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، هەموویان نموونەی ئابووریی فەرماندارین. (وەرگێڕ)

لەگەڵ ئەوەشــــدا ناکرێت هەر بیر و ڕێبازێکی کۆمەڵخوازانە بە دەوڵەتەوە ببەســتینەوە، چونکە تاڕادەیەک ســەرلێشــێواوی و ناڕوونی دروســت دەکات، دەوڵەت لە باشــترین شــێوەدا دەزگایەک، ناوەندێکە لە ڕێگەیەوە کردەی بەکۆمەڵ ڕێک دەخرێت. مەترســی ســەرەکیی دەوڵەت لەوەدایە کە خۆی بە شوێنگرەوەی "دەستەجەمعی" بزانێت و ئەرک و بەرپرسیارێتی لە هاووڵاتییانی ئاسایی دوور بخاتەوە. بەو مانایەی کۆلێکتیڤیزم واتای کردەوەی بەکۆمەڵە، کە لە تێگەیشــتنێکی هاوبەشــی تاکە ئازادەکانەوە ســەرچاوە دەگرێت، بەوەی خاوەنی بەرژەوەندیی هاوبەشــن یان ناســنامەیەکی بەکۆمەڵن. ئەم فۆڕمە لە کۆلێکتیڤیزم فراوانترە و زیــاتر پەیوەنــدی بە بیرۆکەی خۆ-بەڕێوەبەرییەوە هەیە، نەک بە کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە.

کۆلێکتیڤیزمی خۆ-بەڕێوەبەری مایەی گرنگییەکی زۆر بووە بۆ ئەنارکیستەکان و سۆسیالیستە ئازادیخوازەکان، بۆ نموونە باکونین چاوی لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی بێ دەوڵەت بوو، کە ئابووری بەپێی بنەماکانی خۆ-بەڕێوەبردنی کرێکاران ڕێک بخرێت و بەڕوونی ئەو تێڕوانینە کۆمەڵخوازییەی جیا کردەوە کە وەک ئاماژەیەکی پاوانخوازی لە سۆسیالیزمی مارکسیدا دەبینرا. هەروەها ئەو فۆڕمە کۆلێکتیڤیزمەی لە سیستەمی "کیبووتز –Kibbutz"[4] لە ئیسرائیلدا دەبینرا. بۆیە پێویســـت نییە بڵێین ئەم بیرۆکە بەکۆمەڵانە هیچ لێکچوونێکیان لەگەڵ شێوازەکانی تاکگەراییدا نییە، کە جەخت لەسەر پشتبەستوویی کەسی و بەرژەوەندیی تاکەکەسی دەکەنەوە. هەرچۆنێک بێت دڵسۆز بوون بۆ ئایدیاکانی خۆبەڕێوەبردن و کردەوەی خۆبەخشـــــانە، ئەم فۆڕمە کۆمەڵگەرایییە هیچ کاریگەرییەکی دژە-تاکگەرایی نابێت.

## ٣-٣/٣ تیۆرییەکانی کۆمەڵگا

[4] کیبووتز کۆمەڵگەیەکی گوندنشینییە، تایبەتمەندە بە هاریکاریی یەکتر و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. سیستمێکی ئابووریی کۆمەڵایەتی هەیە، کە لەسەر بنەمای خاوەنداریەتیی هاوبەشی مووڵک و ماڵی یەکسان و هاوکاریی بەرهەمهێنان ساڵی ١٩٠٩ دامەزراوە. بنەمایەکی ناوەکی مارکسییانەی هەیە، ئەویش "هەر کەسە و بەپێی توانای خۆی، هەر کەسە و بەپێی پێویستییەکانی خۆی"، کە تا ئەمرۆ زیاتر لە ١٥٠٠٠٠ کەس لە زیاتر لە ٢٧٠ کیبۆتیزمدا دەژین، کیبۆتیزم لە سەدا ٤٠ داهاتی کشتوکاڵی ئیسرائیل پێکدێنێت. کاتێک لە کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا، بڕیار درا فەلەستین لەنێوان عەرەب و جوولەکەدا دابەش بکرێت، کیبووتیزم لە ناوچە دوورەکان دامەزران بۆ ئەوەی دڵنیابن کە خاکەکە دەخرێتە پاڵ دەوڵەتی جووەکان. (وەرگێڕ)

گرنگی تیۆریی کۆمەڵگا بۆ شیکاری سیاسی، هیچ لە چەمکی سروشتی مرۆڤ بۆ سیاسەت کەمتر نییە. ژیانی سیاسیی پەیوەندییەکی نزیک و بەهێزی بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، ئاخر سیاسەت کەمێک زیاترە لە ڕەنگدانەوەی ئەو گرژی و ململانێیانەی کە کۆمەڵگا دروستی دەکات. بەڵام کارلێکی نێوان سیاسەت و کۆمەڵگا و تاک بابەتی ناکۆکی توون و مشتومڕی قووڵی ئایدۆلۆژییە. ململانێکانی ناو کۆمەڵگا چین؟ ئەم ململانێیانە لەنێوان کێ دان؟ ئایا دەتوانن بەسەر ئەم ململانێیانەدا زاڵ ببن، یان تایبەتمەندییەکی هەمیشەیی ژیانی سیاسیین؟ مەودای یەکەمی تیۆرییەکان لەسەر بنەمای چەمکی سەربەخۆیی تاک لە کۆمەڵگادا دامەزراوە. ئەم ڕەوتە پێیان وایە، کە کۆمەڵگا شوێنەوارێکی مرۆییە و لە لایەن تاکەکانەوە بنیات نراوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی مەبەست و بەرژەوەندییەکانیان. لە شێوە توندەکەیدا دەکرێت لە دەربڕینەکەی مارگرێت تاچەردا بەدی بکەین، کە دەڵێت «شتێک نییە بە ناوی کۆمەڵگا»؛ بە واتایەکی دیکە، دەتوانرێت کۆی ڕەفتارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووی ئەو هەڵبژاردنانە تێبگەین کە تاکە بەرژەوەندیخوازەکان ئەنجامی دەدەن، بەبێ ئاماژەدان بە بوونە بەکۆمەڵەکانی وەک "کۆمەڵگا". ڕوونترین نموونەی ئەم تیۆرییە لە لیبڕالیزمی کلاسیکیدا دەبینرێت، کە لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی زۆرترین ئازادی تاک دامەزراوە. هەرچەندە دەوڵەتێک پێویستە بۆ ڕێکخستن و پاراستنی چوارچێوەکانی، بەڵام تاکەکان دەبێت تا ئەو جێگایەیی کە دەتوانن بە شێوازی خۆیان بە دوای ئامانج و بەرژەوەندییەکانیادا بگەڕێن. ئەمەش زۆرجار بە تیۆری ئەتۆمیستیکی[5] کۆمەڵگا وەسفکراوە، بەو پێیەی کە ئەوە دەگەیەنێت، کۆمەڵگا لە کۆمەڵێک یەکە یان ئەتۆمی تاک زیاتر هیچی تر نییە.

بەڵام ئەم بۆچوونە ئەوەش لەیاد ناکات، کە تاکەکان لە ڕێگەی گرووپ و کۆمەڵە، بازرگانی، سەندیکا و یانە و ... بەدوای بەرژەوەندییەکانیاندا دەگەڕێن، بەڵام ئەو کۆنکرێتەی ئەم کۆمەڵگایە بە یەکەوە دەبەستێتەوە بنەماکەی بەرژەوەندیی خۆویستییە، دانان بەوەی کە بەرژەوەندییە تایبەتەکان پێکدادەچن، وا دەکات بنیاتنانی گرێبەست، یان ڕێککەوتنی خۆبەخشانە ئەستەم بێت. بە ڕوونی ئەم تێگەیشتنە بۆ کۆمەڵگا لەسەر باوەڕێکی بەهێز بە کۆدەنگی

[5]ئاتۆمیزم، ئاماژەیە بۆ ئەو باوەڕەی کە پێکهاتەی سەرەکیی کۆمەڵگا تاکە.(و)

دامەزراوە، ئەو باوەڕەی کە هارمۆنی و هاوسەنگییەکی سروشتی لە نێوان تاک و گرووپە ڕکابەرەکانی کۆمەڵگادا هەیە. ئەمەش لە سەدەی هەژدەهەمدا لە تێڕوانینی ئادەم سمیسدا دەرکەوت کە پیی وابوو"دەستێکی نادیار لە بازاڕدا کار دەکات"، کە لە سەدەی بیست لەلایەن هایکەوە بە "ڕێکخستنی خۆڕسک – Spontaneous order" ی ژیانی ئابووری لێک دارایەوە. هەرچەندە کرێکار و خاوەنکارەکان بە دوای ئامانجی ناکۆکدا دەگەڕێن، بەوەی کرێکار دەیەوێت کریی زیاتر بێت و خاوەنکار تێچووی کەمتر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەیەکەوە بەستراونەتەوە، کرێکار پێویستی بە کارە و خاوەنکاریش بە کارکەر. تێڕوانینێکی لەم جۆرە بۆ کۆمەڵگا کاریگەرییەکی سیاسیی زۆر ڕوونی هەیە، بە تایبەتی ئەگەر کۆمەڵگا بتوانێت دەرفەتێک بۆ تاکەکان بڕەخسێنێت کە بەدوای ویستەکانیاندا بچن بێ ئەوەی ململانێی بنەڕەتی دروست بکەن، بە دڵنیاییەوە درووشمەکەی تۆماس جێفرسۆن کە دەڵێت «ئەو حکوومەتە باشترینە، کە کەمترین حکوومڕانی دەکات» ڕاستە.

تیۆرێکی جیاوازتری بنەڕەتی کۆمەڵگا، لەسەر بنەمای وێکچوونێکی ئۆرگانیک دامەزراوە. لە بری ئەوەی لەلایەن تاکە عەقڵانییەکانەوە بۆ مەبەستی تێرکردنی بەرژەوەندییە کەسییەکان بنیات بنرێت، ڕەنگە کۆمەڵگە وەک کۆیەکی ئۆرگانیک کار بکات، تایبەتمەندییەکان بە شێوەیەکی ئاساییتر پیشان بدات کە پەیوەستن بە زیندەوەرەکانەوە، دەشێت مرۆڤێک یان ڕوەکێک بێت. ئەمەش دەرخستەی ڕێبازێکی گشتگیرترە بۆ کۆمەڵگا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگاکان تۆڕێکی ئاڵۆزی پەیوەندین، کە لە کۆتاییدا بۆ پاراستنی کۆی گشتی بوونیان هەیە؛ بەو واتایەی کۆ گرنترە لە بەشە تاکە کەسییەکان. وێکچوونی 'ئۆرگانیک/ئەندامی" بۆ یەکەمجار لەلایەن بیرمەندانی یۆنانی کۆنەوە بەکار هێنرا، کە ئاماژەیان بە "سیاسەتی جەستە" دەکرد. هەندێک لە مرۆڤناس(ئەنسرۆپۆلۆجیست)ەکان و کۆمەڵناسەکان لە پەرەپێدانی دیدگای وابەستەیی کۆمەڵگادا بەژدارییەکی کارایان هەبووە. ئەمەش وا گریمانەی دەکات کە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لە پاراستنی پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا، هەر بۆیە دتوانین لە ڕووی کارکردەیی و چالاکییەوە تێی بگەین. ڕوانگەی ئۆرگانیک بۆ کۆمەڵگا لەلایەن بەشێک لە بیرمەندانی سیاسی جێگای بایەخ و قبووڵکردن بووە، بەتایبەت کۆنزێرڤاتیڤە نەریتییەکان و فاشیستەکان،

وە بە تایبەتتر ئەوانەی پشـــتگیرییان لە دامەزراوەیی و کۆمپانیاگەرایی دەکرد. لە ڕاســـتیدا تێگەیشـــتنێک هەیە کە ڕووانگەی ئۆرگـانیزم کـاریگەرییەکی کۆنەپـارێزانەی ڕوونی هەیە، بۆ نموونە زیـاتر مەیلی ڕەوایەتیـدانی بەلای سـازاویی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیدایە، بەو مانایەیی کە لەلایەن هێزە سروشتییە پێویســـتەکانەوە بنیات نراوە. بۆیە دامەزراوەکانی وەک خێزان، کڵێســـا و ئەرســـتۆکراســـی، هەروەهـا بەهـا و کولتوورە نەریتییەکـان، خزمەت بە ســـەقامگیریی کۆمەڵایەتی دەکەن. جگە لەوەش ئەم بۆچوونە ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەڵگا بە ســـروشـــتی پلەبەنییە. توخمە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا، وەک چینە کۆمەڵایەتییەکـان، ڕەگەزەکـان، پێکهـاتە ئـابوورییەکـان، دامەزراوە ســـیاســـییەکان و هاوشـــێوەکانی، هەر یەکەیان ڕۆڵێکی تابیەتیان هەیە. وێســـتگەیەکی تایبەتتر ئەو یەکســـانییە ناماقووڵەیە کە دڵ و جگەر و گەدە و مێشـــک و ســـییەکان، لەناو جەســـتەدا یەکســـانن وەک کۆیەکی ئۆرگانی بۆ کۆمەڵگا، لەوانەیە گرنگیان یەکســـان بێت لە جســـتەدا، لێ بە تەواوی ئەرک و مەبەستی تەواو جیاواز بەدی دێنن.

لە کـاتێکـدا هەردوو تیۆریی تـاکگەرایی و ئۆرگـانیکی کۆمەڵگـا پێشـــنیـاری کۆدەنگییەکی کۆمەڵایەتیی بنەڕەتی دەکەن، تیۆرییە ڕکابەرەکان تیشک دەخەنە ســـەر ڕۆڵی ململانێکـان. ئەمەش بۆ نموونە لە تیۆریی فرەیی کۆمەڵگـادا دەبینرێت، ئەمەیان سەرنج دەخاتە سەر ململانێی نێوان گرووپ و بەرژەوەندییە جیاوەزەکانی کۆمەڵگا. بەڵام فرەییخوازەکان"پلوڕالیســـتەکان" ئەم جۆرە لە ململانێییە بە بنەڕەتی نـازانن، چونکە لە شـــرۆڤەی کۆتـاییـدا، پێیـان وایە سیستمێکی سیاسیی کراوە و کێبڕکێکار توانای دەستەبەرکردنی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی و ڕێگریکردن لە کەوتنە دۆخی نـائـارامی و توونـدوتیژی هەیە. لە بەرانبەردا تیۆرییە نوخبەییەکانی کۆمەڵگا، تیشـک دەخەنە سـەر چڕبوونەوەی دەسـتەڵات لە دەسـتی کەمینەیەکی بچووکدا، بەم شـێوەیە نەخشـی ململانێکان لەنێوان "نوخبە" و "جەماوەر"دا دەکێشـــن. بۆیە تیۆریســـتەکانی نوخبە زیاتر ئامادەن بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێکخســـتنی کۆمەڵایەتی لە ڕووی بەرژەوەندیی ڕێکخراوەیی و دەســـتکـاریکردن و زۆرەملێ، نەک کۆدەنگی. بیرمەنـدانی فاشـــیســـت بەژداری جۆرێک لە نوخبەگەرایی دەکەن کە واتای هاوســـەنگیی ئۆرگـانیکی دەدات، بەو پێیەی کە جەمـاوەر بە خواســـتی خۆیـان ملکەچی و

ژێردەستی قبووڵ دەکەن. بەڵام کاریگەرترین تیۆری ململانێی کۆمەڵگا مارکسیزم بووە. مارکس پێی وابوو کە ڕەگ و ڕیشەی ململانێی کۆمەڵایەتی وا لە بوونی مووڵکایەتی تایبەتدایە، کە دەبێتە هۆی ململانێی بنەڕەتی و ناتەباییی چینایەتی، زۆر بەسادەیی ئەوانەی لە هەر کۆمەڵگایەکدا سامان بەرهەم دێنن، کرێکارانن، هەر بۆیەش بە شێوەیەکی سیستماتیک لەلایەن خاوەنکارەکانیانەوە بەکاردەهێنرێن و دەچەوسێنرێنەوە. مارکس ئاماژەوەی بەوەدا، کە کرێکاران بە پێی بەژداریکردنیان لە پێواژۆی بەرهەمهێناندا شایستەکانیان پێ نادرێت و بەهای زیادەیان لێ زەوت دەکرێت. لە ڕوانگەی مارکسیستە ئۆرتۆدۆکسەکانەوە، ململانێی چینایەتیی بنەڕەتیی کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی بوونی کۆمەڵایەتی هەیە. بۆ نموونە سیاسەت پرۆسەیەک نییە لە ڕێگەیەوە بەرژەوەندیی ڕکابەرەکان لە بەرانبەر یەکدا هاوسەنگ بکات، هێندەی ئامڕازێکە بۆ برەودان بە چەوساندنەوەی چینایەتی.

### ٣-٤/٣ دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و شووناس

جگە لە تاکگەرا پەڕگیرەکان، هەموو بیرمەندانی سیاسی، گرنگیی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، یان بوونە دەستەجەمعییەکان لەبەرچاو دەگرن، ئەوان بە خەمی پێکهاتەکانی کۆمەڵگاوە بوون، بۆ ئەمەش بە دوای ڕوونکردنەوەیەکەوە بوون کە چۆن دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیدەرن بۆ داڕشتنی ژیانی سیاسی.

"دابەشبوونی کۆمەڵایەتی" لە سادەترین شێوەی خۆیدا، بریتییە لە کەرتبوون و دابەشبوونی کۆمەڵگا، کە ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆری پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە لەناو کۆمەڵگادا، ئەم جۆرە دابەشبوونانە بەرەنجامی نایەکسانین لە کاریگەریی سیاسی، دەستەڵاتی ئابووری و پێگەی کۆمەڵایەتیدا، لێکدانەوەی سیاسەت لە ڕووی دابەشبوونی کۆمەڵایەتییەوە، بریتییە لە درککردن بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان، جا ئابووری، ڕەگەزی، ئایینی، کولتووری یا سێکسی بن، گرنگن لە ڕووی سیاسییەوە و ئەم کۆمەڵە گرووپانە وەک ئەکتەری سەرەکیی کایەی سیاسەت دەبینرێن. بەڵام ئەم دابەشبوونانە دەتوانرێت بە کۆمەڵێک شێوازی جیاجیا لێک بدرێنەوە. بە لای هەندێکەوە ئەم دابەشبوونانە

هەمیشـــەیی و بنەڕەتین، ڕیشـــەیان لە کرۆکی ســـروشـــتی مرۆڤدا هەیە یان لە پێکهـاتەی ئۆرگـانیکی کۆمەڵگـادان. لە کـاتێکدا بە لای هەنـدێکی دیکەوە ئەم دابەشبوونانە ڕاگوزەرن و دەتوانرێت تێپەڕێنرێن. بە هەمان شێوە دەکرێت ئەم دژیەکییانە بە شـــێوەیەکی دروســـــت و خوازراو لێک بدرێنەوە، یان وەک بەڵگەیەک بۆ نادادپەروەری و ستەمکاریی کۆمەڵایەتی لێیان بڕوانرێت.

تیۆریستە سیاسییە مۆدێرنەکان هەندێک جار زمانی ناسنامە و جیاوازییان لا شیاوترە بۆ دابەشبوونی کۆمەڵایەتی، واتا ئەو شتە پیادە دەکەن کە هاتۆتە ناو "ســیاســەتی ناســنامە" یان "ســیاســەتی جوێییان" لە کاتێکدا دابەشــبوون واتای کەرتبوون و بەشـــبەشـــبوون دەگرێتەوە، ئەمە هانمان دەدات مامەڵە لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتی و پێکهاتە دەستەجەمعییەکان وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ و خاوەن ماف بکەین، کە ناسنامەی کەسی بەکۆمەڵەوە دەبەستێتەوە، واتا تاک چەســـپاوی نـاو پێکهـاتە جۆراوجۆرەکـانی وەک کولتوور و دامەزراوەیی و چوارچێوەی ئایدۆلۆژییە. شـــووناس ئاماژەیە بۆ هەســـتکردن بە خۆبوونێکی جوێ و بێوێنە، بەڵام دانیش بەوەدا دەنێت کە مرۆڤەکـان هەرچۆنێک خۆیـان وێنا بکەن، هێشـــتا بە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی ئەوانی دیکە لە قاڵب دەدرێت کە لە بنەڕەتدا خۆی لەوان بە جوێ دەبینێت. بەم پێیە ناســـنامە واتا جیاوازی؛ بۆیە هۆشـیاری بەم جیاوازییە هەسـتی ناسـنامەمان لا تۆخ و ڕوونتر دەکاتەوە. بنەمای ئەم بۆچوونەش بووە هۆی ســـەرهەڵدانی چەمکی "ســیاســەتی دانپێدانان" کە جەخت لەوە دەکاتەوە پێویســتە هەموو ناســنامە جیاوازەکان بە تەواوەتی دانیان پێدا بنرێت و فرەیی ناسـنامەکان ڕێز لێ گیراو بن. هەرچەندە ئەم تێڕوانینە فۆڕمی کۆمەڵایەتی، پۆســـتمۆدێرن، فێمینیســـت، ناســـیۆنالیســـت، فرەکولتووری و دیکەشـــی هەیە، بەڵام نەیاری ســـەرەکیی ســـیاســـەتی شـــووناس، یونیڤێرســـاڵیزمی لیبڕاڵە، ئەو باوەڕەی کە وەک تاک مرۆڤەکـان هەمـان نـاســـنـامەی نـاوەکییـان هەیە. لیبڕالیزم بەو واتـایەی ڕەچـاوکردنی چینی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، کولتوور و نەتەوە، لە داڕشـــتنی ناســنامەی کەســیدا بە لاوەکی دەبینێت. لە بەرانبەردا لایەنگرانی ســیاســەتی ناسنامە لیبڕاڵە گشتگیرەکانیان بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە ئەمە دروستکردنی مۆدێلێکی ئەبستراکتە لە ســروشــتی مرۆڤدا، بە شــێوەیەک ئەو تایبەتمەندییە کاریگەرانە ڕەت دەکاتەوە کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤەکان کەشــفی ئەوە بکەن چین

و کێن. سەرەڕای ئەوەش هەر کامێک لە دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی ناسنامە وەربگرین، هێشتا ناکۆکییەکی بەرچاو دەمێنێتەوە لەسەر ئەوەی کام گرووپ یان ڕیزبەندی کۆمەڵایەتی زۆرترین بایەخ و گرنگی سیاسییان هەیە.

بۆیە هیچ گومانێکی تێدا نییە، ئەو دابەشبوونەی بە شێوەیەکی نەریتی زۆرترین پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، چینایەتیی کۆمەڵایەتییە. چین ڕەنگدانەوەی دابەشکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە، کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی نایەکسانیی سامان، یان داهات و پێگەی کۆمەڵایەتی دامەزراوە. بۆیە "چینێکی کۆمەڵایەتی" کۆمەڵە کەسانێکن کە پێگەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هاوشێوەیان هەیە و کە بەهۆی بەرژەوەندییەکی هاوبەشەوە یەک دەگرن. بەڵام تیۆریستە سیاسییەکان لەسەر گرنگی چینی کۆمەڵایەتی، یان لەسەر پێناسەکردنی چین هەمیشە کۆک نەبوون. بۆ نموونە مارکسییەکان "چین"یان بە بناغەی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووی سیاسییەوە زانیوە، مارکسییەکان چین لە ڕووی دەسەڵاتی ئابووری و خاوەندارییەتی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانەوە تەماشا دەکەن، بۆرژوازی "چینی سەرمایەداری"یە و خاوەنی سەرمایە یان سامانی بەرهەمدارە، لە کاتێکدا "پرۆلیتاریا" خاوەنی هیچ سامانێک نییە و ناچارە هێزی کاری خۆی بفرۆشێت بۆ ئەوەی بژیت، بۆیە ئەندامییەتی لە بەرهەمهێناندا تەنیا لە پێگەی کۆیلەی مووچەدا کورت دەکرێتەوە. لە ڕوانگەی مارکسەوە، چینەکان ئەکتەری سیاسیی سەرەکین، خاوەنی توانای گۆڕینی مێژوون. پرۆلیتاریا قەدەری وایە "گۆڕهەڵکەنی سەرمایەداری" بێت، قەدەرێک کە گەیشت بە هۆشیاریی چینایەتی، بەدی دێت.

بەڵام تیۆرییە چینایەتییە مارکسییەکان، تا ڕادەیەکی زۆر بەهۆی شکستی پێشبینییەکانی مارکس و کەمبوونەوەی هێماکانی خەباتی چینایەتی، لانی کەم لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا، تووشی جۆرێک لە پاشکەوتن و گومان بوون و ئەو ناوبانگەیان نەما. پۆست-مارکسیستەکانی وەک لاکلا و مۆوف، بڕوایان وابوو کە ئەولەوییەت بە چینی کۆمەڵایەتی دەدرێت و چیتر چینی کرێکار پێگەی ناوەندی لە هێنانەدی گۆڕانکاریدا بەردەوام نابێت. بێگومان دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت لە دەوڵەمەنترین کۆمەڵگاکانی مۆدێرنیشدا ڕوو دەدەن و بەردەوامن، هەرچەندە زۆر جار وەک "چینی

ژێردەســـت" ئاماژەیان پێ دەکرێت و کۆمەڵێک کەســـی بێبەشـــکراو و زیان لێکەوتوو لە ناوچەیەکی خۆجێیدا دەخرێنە پەراوێزی ئاســاییی کۆمەڵگاوە. بەم پێیە کۆمەڵگا هاوچەرخەکانی ڕۆژاوا وەک کۆمەڵگەی یەک لەسەر سێ و دوو لەسەر سێ وێنا کراون.

بە پێچەوانەی چینایەتیی کۆمەڵایەتییەوە، گرنگی دابەشـکارییە جێندەرییەکان لە ســیاســەتدا هەر لە کۆنەوە پشــتگوێ خرابوو، بەڵام لە دوای ســەرهەڵدانی شەپۆلی دووەمی فێمینیزم لە ساڵانی شەستەکانەوە، هۆشیارییەکی فراوان لە بارەی گرنگی ســیاســەتی جێندەرییەوە ســەری هەڵدا. "جێندەر- Gender" ئـامـاژەیە بۆ جیـاوازییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکـانی نێوان نێر و مێ، بە پێچەوانەی "Sex - ڕەگەز" کە تیشـــک دەخاتە ســـەر جیاوازییە بایۆلۆژییە هەرمانەکانی نێوان ژن و پیاو. فێمینیســـتەکان ســـەرنجیان خســـتە ســـەر دابەشکاریی هێزی کاری سێکچواڵی، کە لە ڕێگەیەوە هێزی ژنان لە گۆشەیەکی کاری ماڵداری و بەخێوکردنی منداڵ قەتیس دەکرێن، یان لە پێگەیەکی نزم و شـایســتەیەکی کەمدا کورت دەکرێتەوە. لە بەرانبەردا پیاوان مەیلی زاڵبوونیان هەبە بەســـەر پێگەی دەســـەڵات و کاریگەریی کۆمەڵایەتییەوە. فێمینیســـتە ڕادیکاڵەکانی وەک کەیت میلێت و ماری دالی، دابەشـــبوونی جێندەری وەک قووڵترین و کاریگەرترین دابەشبوون لەنێو دابەشکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا وێنا دەکەن، بۆیە پەنایان بردە بەر پیادەکردنی سیاسەتی سێکچواڵی.

ئەوانەی پێیان دەگوترێت فێمینیســـتە جوێخوازەکان، پێیان وایە دابەشـــبوونی جێندەری ڕەگ و ڕیشـــەی لە جیاوازییە بنەڕەتی و هەرمانەکانی نێوان ژن و پیاودایە، بۆیە ئەو یەکســـانییەی ژنانی دیکە هەوڵی بۆ دەدەن لە ڕاســـتدا لە پیاوچوونە و ئەو یەکسانییە ڕەت دەکەنەوە. لە بەرانبەردا فێمێنیستە لیبراڵەکان یان ڕیفۆرمخوازەکان تیشـکیان خسـتووەتە سـەر ئەو نایەکسـانییەی لە ژیانی گشـتیدا دەیبینن، وەک کەمی نوێنەرایەتیی ژنان لە پۆسـتە سـیاسـییە باڵاکاندا و بەڕیوبەرایەتی و پیشـــەیی و دامەزراوەکانی چاودێریی منداڵان و پشـــتیوانی خۆشـــگوزەرانی بۆ ژنان، لە ڕاســـتیدا هەوڵیان دەدا ژنان لە جیاوازیی ڕزگار بکەن. هەروەها دابەشـبوونی نەژادی و ئیتنیکی لە سـیاسـەتدا بە شـێوەیەکی بەرچـاو بوونی هەیە، نەژاد "Race" ئـامـاژەیە بۆ جیـاوازییە بۆمـاوەییەکـان

لەنێوان مرۆڤایەتیدا، کە مرۆڤەکان لەسەر بنەمای بایۆلۆژی وەک ڕەنگی پێست، قژ و جەستە و ڕواڵەت و ... لە یەکتر جیا دەکاتەوە. لە کارەکیدا پۆلە نەژادییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای چەشنە کولتوورییەکان دامەزراوە و بنەمایەکی کەم یان هیچیان لە بۆماوەیی و جیناتدا نییە، بۆیە زاراوەی "ئیتنیک/نەتەوە" لەلایەن زۆرێکەوە بە پەسەنتر دەزانرێت، چونکە ئاماژەیە بۆ جیاوازییە کولتووری و زمانی و کۆمەڵایەتییەکان و مەرج نییە رەگ و ڕیشەیان لە بایۆلۆژیدا هەبێت. دابەشبوونی نەژادی و ئیتنیکی بە دوو شێوەی ڕیشەیی جیاواز کاریگەرییان لەسەر بیری سیاسی هەبووە، یەکەم ئەو تیۆرییە سیاسییە نەژادییانەی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەریان هەڵدا، لە بەرانبەر پاشخانی ئیمپریالیزمی ئەورووپیدا. بەرهەمەکانی هەر یەک لە نووسەرانی وەک ئارسە گۆبینێو (١٨١٦-١٨٨٢) لە کتێبی "نایەکسانیی ڕەگەزەکانی مرۆڤ" (١٨٥٥) و چامبەرلین (١٨٥٥-١٩٢٧) لە کتێبی "بنەماکانی سەدەی نۆزدەهەم"(١٨٩٩)دا، پاساوێکی ساختینەی زانستییان بۆ زاڵبوونی ڕەگەزە سپیپێستە ئەورووپییەکان بەسەر گەلانی ڕەش و زەرد و قاوەیی ئەفریقایی و ئاسیاییدا، هێنایە کایەوە. بێگومان نامۆترین دەرکەوتنی ئەم جۆرە ڕەگەزپەرستییە لە سەدەی بیستەمدا، لە تیۆرییە ڕەگەزییەکانی نازیزمدا بوو، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی "چارەسەری کۆتایی" و قڕکردنی جوولەکەکانی ئەورووپا. بیر و جووڵانەوە ڕەگەزپەرستییەکان لە دوای کەوتنی یەکێتیی سۆڤییەت لە بەشێک لە ئەورووپادا سەریان هەڵدایەوە، سەرهەڵدانەوەشیان پەیوەست بوو بە ناسەقامگیری و نائارامیی سیاسی دوای کەوتنی سۆڤییەت. بەڵام فۆرمی زۆر جیاوازی سیاسەتی ڕەگەزی و نەتەوەیی بۆ خەبات دژی کۆلۆنیالیزم بە تایبەتی و دژی جیاکاریی ڕەگەزی بەگشتی، پەرەی سەندووە. کەمینە نەتەوەییەکان لە زۆرێک لە کۆمەڵگا ڕۆژاواییەکاندا لە ئاستی کاریگەریی سیاسیدا بێبەشن و لە هەردوو شوێنی کار و ژیانی گشتیدا بەدەست کێماسییەوە دەناڵێنن، ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی خەباتی نوێی سیاسی. بۆ نموونە سالانی شێستەکان ئاگاداری سەرهەڵدانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان بوون بە ڕابەرایەتی مارتن لۆثەر کینگ (١٩٢٩-١٩٦٨) و گەشەکردنی ڕێکخراوە چەکدارییەکانی وەک بزووتنەوەی هێزی ڕەش و موسوڵمانە ڕەشپێستەکان لەژێر ڕابەرایەتیی مالکۆلم ئێکس(١٩٢٦-١٩٦٥)دا.

له زۆرێک لەم دۆخانەدا دابەشکارییە ڕەگەزییەکان وەک هەرمانی دەبینرێن و ئەرکی وەستانەوە بە ڕووی ڕەگەزپەرستاندا، ئەرکێکی ئەخلاقی و چاکسازییانەیە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرتر و لێبووردەتر، بەتایبەت لەو شوێنانەی زۆر بە تۆخی دەبینرێن، بۆ نموونە دۆخی موسڵمانە ڕەشپێستەکان (ناوی گۆڕاوە بە نەتەوەی ئیسلام) کە بۆتە هۆی دروستکردنی بیری جیاکاریی ڕەگەزی.

هەروەها ئایین ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ژیانی سیاسیدا، سەرباری پێشکەوتنی سیکۆلاریزم لە تەواوی ڕۆژاوادا، ئەمەش بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانەی بە درێژایی هێڵە ئایینییەکان دابەشبوون، وەک ئێرلەندای باکوور، سیلانکا و هیندستان، هەرچەندە بنچینەکانی ململانێی جەماوەری ئاڵۆز و فرەن و فاکتەری مێژوویی و ئابووری و سیاسی لەخۆ دەگرن، بەڵام جیاوازییە ئایینییەکان وەک هێڵێکی جیاکەرەوەی ئاشکرا لەناو ئەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا دەمێننەوە، لە ئێرلەندای باکوور، کۆمارییە کاسۆلیکییەکان ڕوو بە ڕووی یەکێتیخوازە پرۆتستانتەکان بوونەوە، لە سریلانکا، تامیلە مەسیحییەکان شەڕیان لەگەڵ سینهالییەکانی زۆرینە بوودایی دەکرد و لە هیندستانیش موسووڵمانانی کشمیر و سیخییەکانی پەنجاب، هەڵمەتیان بۆ بنیاتنانی نیشتمانێکی جیاواز دەدا، لە ناو وڵاتێکی زۆرینە هیندۆسیدا. لە ڕاستیدا لە کۆتایی سەدەی بیستەمەوە ئایین ڕۆڵ و گرنگییەکی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش زیاتر وەک کاردانەوەیەک لە دژی ماتریالیزم و بێ مۆڕاڵی کۆمەڵگا سیکۆلارەکان بوو. ئێستا لە بەشێکی زۆری جیهاندا بزووتنەوە بناژۆخواز و توندڕەوەکان سەریان هەڵداوە، کە بە پەرۆشەوە هەوڵی گەڕانەوەی بنەما ئایینییەکان دەدەن بۆ دووبارە داڕشتنەوە و بنیاتنانەوەی کۆمەڵگاکان. گرینگترینیشیان "بناژۆخوازی/فەندەمێنتاڵیزم"ی ئیسلامی بووە، کە سیاسەتی زۆرێک لە ناوچەکانی باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاستی گۆڕیوە. دیارترین و توندترین دەرکەوتەشی دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران ساڵی ١٩٧٩ بوو. زۆرترین ڕەنگدانەوەشی لە بناژۆخوازی گرووپە جیهادییەکانی وەک ئەلقاعیدە و هێرشە خۆکووژییەکاندا دەبینرێت، کە لە ڕاستیدا وەک پاکردنەوەی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێی دەڕوانن.

لە کۆتاییدا، کولتوور بەگشـتی و زمان بەتایبەتی سـەرچاوەیەکی زۆر بەهێزی ململانێی سـیاسـی بوون، بە تایبەتیش گرنگیان لە دارشـتنی ناسـنامەی نەتەوەییدا. زمان هەڵوێسـت و بەها و فۆڕمی دەربڕینی جیاواز بەرجەسـتە دەکات، یارمەتیدەرە لە دروسـتکردنی هەسـتی ئاشـنابوون و سـەربەخۆیی. هەرچەندە ئەو کۆمەڵگایانەی ژمارەیەکی جیاواز زمانیان تێدایە، تا ڕادەیەک سـەرکەوتوو و جێگیر بوون، بۆ نموونە سـویسـرا، کە زمانی ئەڵمانی و فەڕەنسـی و ئیتاڵی تێیدا قسـەی پێ دەکرێت، بەڵام زۆر جار زاڵبوون بەسـەر دابەشـبوونە زمانییەکان تا ڕادەیەک ئەسـتەم بووە، ئاخێوەرە کیووبیکە فەڕەنسـی زمانەکان لە کەنەدا نموونەیەکی ئاشـکرایە. لە بەلجیکا دابەشـبوونە زمانەوانییەکان وڵاتەکەیان کردووە بە فیدراسـیۆن و یەکێتییەکی شـلوشـۆق، هەر جۆرە هەستێکی یەکگرتووی ناسنامەی نەتەوەیی بەتەواوی لاواز کردووە. گەلانی فلامیشـی لە باکووری بەلجیکادا بەتەواوی زاڵبوون بەسـەر ئابووری و سیاسیی ئەو وڵاتەدا؛ لە کاتێکدا والۆنییە فەڕەنسی زمانییەکانی باشوور هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆییی زیاتر دەدەن.

گرنگی سـیاسـەتی کولتووری بە هاتنی کۆمەڵگا مۆدێرن و فرەکولتوورییەکان، ئاڕاسـتەیەکی جیاوازی وەرگرت، کولتوور بە مانا فراوانەکەی، شـێوازی ژیانی مرۆڤەکـانە. کۆمەڵگـای فرەکولتووری ئەو کۆمەڵگـایەیە کە بە فرەچەشـنی کولتووری تـایبەتمەنـدە، زۆر جـار بەهۆی کۆچیکردنی دوو گرووپ یـان زیاترەوە سەر هەڵدەدات، کە باوەڕ و کارەکانیان هەستێکی جیاوازی ناسنامەی بەکۆمەڵ دروسـت دەکەن. بەڵام شـەبەنگی فرەکولتووری پرسـی جیاوازیی سـیاسـیی تووند بەدوای خۆیدا دێنێت، لایەنگرانی فرەکولتووری تیشـک دەخەنە سـەر سـوودە کەسـی و کۆمەڵایەتییەکانی، بەوەی تاچەند مرۆڤ چەسـپاوی کولتوورە، لەم ڕوانگەیەوە فرەچەشـنی کولتووری پەرە بە چالاکی و هێز و تەندرووستی کۆمەڵگا دەدات، بۆیە هەر کولتوورێک ڕەنگدانەوەی مەودای توانا و تـایبەتمەنـدیی مرۆڤەکـانییەتی. لە بەرانبەردا ڕەخنەگرانی فرە- کولتووری پێیان وایە، کۆمەڵگا فرەکولتوورییەکان بە شێوەیەکی سروشتی تێکشکاو و پڕ لە ململانێن، بۆیە دەبێت کۆمەڵگا سـەرکەوتووەکان لەسـەر بنەمای بەها و کولتوورێکی هاوبەش دابمەزرێن.

## پوختە

١- سروشتی مرۆڤ ئاماژەیە بۆ سیفەتی جەوهەری و جێگیری هەموو مرۆڤەکان. بەڵام ناکۆکییەکان لەو ڕوانگەیەوەن کە مرۆڤەکان ئاخۆ لە قاڵبدراوی بایۆلۆژین، یان کۆمەڵگان؟ ئایا کریگەریی پاڵنەرە ئەقڵانییەکانیان لەسەرە یان نائەقڵانییەکان؟ ئایا بە شێوەیەکی سروشتی هاریکارن، یان بە سروشتی لە ململانێدان.

٢- تاکگەرایی بریتییە لە سەروەریی تاک، بەسەر هەر گرووپێک یان دەستەجەمعییەکی کۆمەڵایەتیدا. هەندێکجار پەیوەستە بە تێڕوانینێکی خۆخوازی و پشتبەخۆبەستوویی سروشتی مرۆڤ، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە کۆمەڵگا واتا گەرد و پێکهاتەی سەربەخۆ. بەڵام ئەگەر مرۆڤەکان لە بنەڕەتدا کۆمەڵایەتی بن، ئەوا ویستەکانیان لە ڕێگەی پێواژۆی بەکۆمەڵ بەدەست دەهێنن.

٣- کۆلێکتیڤیزم و کۆمەڵخوازی، ئاماژەیە بۆ باوەڕێک بەکۆمەڵ، گرووپ و دەستەجەمعییەکان، جەخت لەسەر گرنگی شووناسێکی هاوبەش و کارکردنی بەکۆمەڵ دەکاتەوە. بەگشتی پەیوەستە بە بەکۆمەڵکردنی دەوڵەت و پلانی ناوەندییەوە. بە شێوەیەکی فراوان جەخت لەسەر هاودەنگی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە و کەمتر بڕوای بە خۆ-بەڕێوەبەری تاک هەیە.

٤- دابەشبوونی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە دابەشبوونی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، کە بوونیاتی بوونە سیاسییەکەی پێک دێنێت. ئەم جۆرەیان گرنگی بە هەردوو جۆری ناسنامەی کەسی و بەکۆمەڵ دەدات، کە لەسەر بنەمای جیاوازی دامەزراوە. گرنگترین دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان، بریتیین لە چینە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەگەز و نەتەوە، جێندەر، ئایین و کولتوور.

**سەرچاوە:** ئەمە پاژی سێیەمە لە بەشی یەکەمی کتێبی

Political Theory An introduction,“ Andrew Heywood”

Third Edition